# کۆتایی ... سەدام حسێن ... دوایی هات

فەهد گردەوانی
ستۆکهۆڵم



ساڵی 2006 بە رووداوێکی مێژوویی کۆتایی بە دواساتەکانی هێنا. مرۆڤایەتی لە دیکتاتۆرێک رزگاری بوو کە دەستی بە خوێنی هەزاران مرۆڤ سوور کردبوو. هەڵواسینی سەدام حسێن بۆ ساڵی 2006 دەبێتە رۆژێکی مێژوویی وناسراو ،هەروەکو مردنی پینوشێتی دیکتاتۆری شیللی .مرۆڤ هەردەم لە پێناوی خۆشگوزەرانی و بەختەوەری هەنگاو بەرەو پێشەوە دەهاوێژێ و دیکتاتۆر و دەسەڵاتی داپلۆسینیش بۆ زبڵدانی[گوفەکی] مێژوو.

سەرکردایەتی کورد هیچ کات خەمخۆری ئەو خەڵکەبەستەسزمانەی کوردستانی نەخواردووە بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات و بەدەنگیانەوە بێت. تازە سەدام حسین رۆیشت و هەموو تاوانەکانی ئەنفاڵ و کیمیاباران و لەسێدارەدانی تێکۆشەران و هەشت هەزار بارزانی بێسەروشوێنکرای ، لەگەل خۆی بردە ژێر گڵ . کەچی سەرکردایەتی کورد نەیتوانی ، سەرکردایەتی شیعەوعێراقی رازی بکات لەتەک تاوانی دوجەیل بۆ تەنها پشتگیری خەڵکی کوردستان تاوانی ئەنفاڵ و کوژرانی بارزانیان و شەهیدانی تێکۆشەران و کیمیابارانی هەڵەبجە و تاوانی روخان و سووتاندنی گوندەکانی کوردستان و تاوانی شەڕی ئێران و شەری کوێت بخاتە سەر تاوانی دوجەیل . جابا وەزارەتی شەهیدان و ئەنفاڵ لەژێر سایەی سەرۆکایەتی مامەوکاکە هەر زوڕنا لێبدات و هەر خەڵک چەواشەبکات بە ریزگرتنی شەهیدان . ئەو شەهیدانە کامە وەڵامیان دەست دەکەوێت ،لەکاتێکدا شایەدەکانی دوجەیل بە چاوی خۆیان ببینن دیکتاتۆرەکەیان پەتی دەخرێتە مل ،کەچی ئەوانەی کوردستان کاتی جێبەجێ کردن و هەڵواسینەکەش نەزانن . ئەی لەو ئیهانەیە گەورەتر بەرێزان سەرۆکی عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان چی تر بە ئیهانە قەبووڵ دەکەن .ئەو شانۆگەری یە چی بوو بەناوی دادگای ئەنفاڵ کرا .گیانی 148 کەسی دوجەیل بەنرخە ، بەڵام دەکرا تاوانەکانی تریش بخرێتە سەر



ئەو تاوانە و دڵی ئەو خەڵکە رازی بکرێت کە لە تەمەنی حکومرانی ئەو دیکتاتۆرە دووچاری ناخۆشی و زیان بووە. دیارە شیعە بە سەرکردایەتی مالەکی پێویستی بەو ئیمزایەش نەبوو کە دەبوایە سەرۆککۆمار لەژێر بڕیارەکە بیکردبایە، بۆیە بە شانازای یەوە و بە قەڵەمی سوور مالەکی لەجیاتی ئەوانەی تر بڕیاڕی لەسێدارەدانی دیکتاتۆری کرد و جا بابزانین چەند ئیمزای تر لەدژی بەرژەوەندی یەکانی میللەتی کورد دەکرێت. ئەرێ پاداشی رازایبوونی کورد بۆ لە سێدارەدانی سەدام حسێن لەلایەن شیعەکان ، رازیکردنی سەرانی کورد بۆ رێژەی 17% بودجەی عێراقی بوو .

2007/1/1